پەیماننامەی

برایەتی مرۆڤایەتی

لە پێناو ئاشتی جیهانی و پێکەوەژیان

پێشەکی

باوەڕ وا لە مرۆڤ دەکات کە بەرامبەرەکەی وەک برایەک سەیر بکات، پشتی بگرێت و خۆشیبوێ.

لەسەر بنەمای باوەڕبوون بەو خوایەی کە بە میهرەبانی خۆی و بەبێ جیاوازی هەموو خەڵکو گەردوونو بوونەوەرانی دروستکردووە، بڕوادار پابەندە بەوەی کە دەربڕو نیشاندەری ئەم برایەتیە مرۆڤایەتیە بێت لە رێگەی پاراستنی سەرجەمی بوونەوەران و گەردوون بە گشتی و درێژکردنی دەستی هاوکاری بۆ هەر مرۆڤێک، بەتایبەت کەسانی لێقەوماو و هەژاران.

لەسەر بنەمای ئەو بەهاو مانا باڵایە و لە کۆمەڵێک دیدار و کۆبوونەوەی پڕاوپڕ لە برایەتی و هاوڕێیەتیدا؛ ئاڵوگۆڕی گفتوگۆمان کرد لەگەڵ یەکتری و باسی خۆشی و ناخۆشی و کێشەو خەم و قەیرانەکانی ئەم سەردەمەمان کرد، لەسەر هەریەک لە ئاستەکانی پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی و داهێنانە پزیشکیەکان و چاخی ژمارەیی و هۆکارە تازەکانی راگەیاندن، هەروەها لەسەر ئاستی هەژاری و شەڕ و زامەکانی جەنگ، کە زۆرێک لە خوشک براکانمانی پەرێشان کردووە لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان، لە سایەی بەرهەمی پێشبڕکێکردن بۆ خۆپڕچەککردن و ستەمی

کۆمەلایەتی و گەندەڵی و نەبوونی دادگەری و داڕمانی ڕەوشت و تیرۆر و ڕەگەزپەرستی و توندڕەوی و هۆکاری تر.

لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆیە دۆستانەو ڕاستگۆییانەی کە لەنێوانماندا بەڕێوەچوون و لە دانیشتنێکی هیوابەخش بە ڕووی هەر مرۆڤێکدا، بیرۆکەی نووسینەوەی ((پەیماننامەی برایەتی مرۆڤایەتی)) هاتە کایەوە و بە دڵسۆزیەوە کارکرا، تا ببێتە ڕاگەیێندراوێکی هاوبەشی دەربڕی ناخ و نیازپاکی دڵ و ڕاستگۆیانە، لە پێناو بانگهێشتکردنی هەموو ئەوانەی لە دڵەوە بڕوایان بە خوا هەیە و بڕواشیان بە برایەتی مرۆڤایەتی هەیە، تا یەکبگرن و بەیەکەوە کاربکەن لە پێناو ئەوەی کە ئەم پەیماننامەیە ببێتە بەرچاوڕوونییك بۆ نەوەکانی داهاتوو و بەردەو ڕۆشنبیری ڕێزلێنانی هاوبەش، لە کەشێکدا بن هەست بەو بەخششە خواییە گەورەیە بکەن، کە هەموو دروستکراوەکانی کردۆتە برا.

پەیماننامە

بەناوی ئەو خوایەی کە هەموو مرۆڤێکی دروستکردووە و یەکسانی کردوون لە ماف و ئەرك و ڕێزدا و بانگێشتی کردوون بۆ برایەتی و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و بلاوکردنەوەی خێر و خۆشەویستی و ئاشتی.

بەناوی ئەو گیانە پاکەی مرۆڤایەتی، کە خوا حەڕامیکردووە لەناو ببرێ و فەرموویەتی لەناوبردنی تاکە مرۆڤێك، وەك لەناوبردنی هەموو مرۆڤایەتیەو زیندووکردنەوەی هەر مرۆڤێکیش، وەك زیندوو کردنەوەی هەموو خەڵکیە.

بەناوی ئەو هەژار و لیقەوماو و بێبەشکراو و پەڕاوێزخراوانەی کە خوا فەرمانیکردووە بەهەموو خەڵکی و بەتایبەت دەوڵەمەند و دەسەلاتداران؛ بەچاکەکردن و هاوکاریکردن و یارمەتیدانیان.

بەناوی بێباوکان و بێوەژن و ئاوارە و ئەوانەی لە مالّ و ولاتانی خۆیانەوە دەرکراون و قوربانیانی شەڕ و ستەم و ئەوانەی دەستبەرسەر و دیلن و ترسێنراون و ئازاردراون لەسەر زەوی، بێ جیاوازی.

بەناوی ئەو گەلانەی کە ئارامی و ئاسایش و ئاشتی و پێکەوەژیانیان لەدەستداوەو شەڕ و مالوێرانی و یەکترکوشتن جێگەی گرتۆتەوە.

بەناوی ((برایەتی مرۆڤایەتی)) کە هەموو مرۆڤەکان کۆدەکاتەوە و یەکیاندەخا و یەکسانیان دەکات.

بەناوی ئەو برایەتیەی کە سیاسەتی پەڕگیری و جیاکاری و سیستەمی قازانجویستی کوێرانە و بیروبۆچونی ئایدۆلۆژی بێزراو ماندوویکردووە.

بەناوی ئەو ئازادیەی کە خوا بەخشیویەتیە هەموو مرۆڤەکان و لەسەری گۆشیکردوون و بەهۆیەوە جیاوازیکردوون.

بەناوی دادگەری و میهرەبانی، کە بناغەی مولکداری و کرۆکی چاکسازیە.

بەناوی هەر کەسێکی خاوەن ویست و ئیرادەی چاك، لەهەر شوێنکێکی سەر زەوی.

بەناوی خوا و بەناوی هەموو ئەوانەی کە ناویان باسکرا؛ ئەزهەری شەریف و دوای ئەویش هەموو موسڵمانانی رۆژهەلاّت و رۆژئاوای سەر زەوی – و کەنیسەی کاسۆلیکی و بەدوای ئەویش کاسۆلیکەکانی رۆژهەلاّت و رۆژئاوا – رۆشنبیری دیالۆك و لێکتێگەیشتن دەگرێتەبەر و هاوکاری دەکاتە رێچکە و یەکترناسینیش دەکاتە پەیرەو.

ئێمەی -بڕوادارانی بە خوا و دیداری خوا و لێپێچینەوەی رۆژی دوایی- لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئایینی و رەوشتیمان و لە رێگەی ئەم پەیماننایەوە، داوا لە خۆمان و سەرکردە جیهانیەکان و رابەرانی سیاسەتی نێودەڵەتی و سەرپەرشتانی ئابووری جیهانی دەکەین؛ کاربکەن بۆ بلاّوکردنەوەی رۆشنبیری لێبوردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتی،

دەسبەجێ هەوڵبدەن ئەو خوێنرێژیە بەناحەقە رابگرن و شەر و پێکدادان و بەرەودواوەچوون و رۆچوونی رۆشنبیری و ئەخلاقی بوەستێنن.

داوا لە بیریاران و فەیەسووف و پیاوانی ئایینی و هونەرمەندان و راگەیاندنکاران و داهێنەران دەکەین؛ لە هەر شوێنێك هەن، هەوڵبدەن بۆ گەڕاندنەوە و دۆزینەوەی ئاشتی و دادگەری و خێر و جوانی و برایەتی مرۆڤایەتی و پێکەوەژیان و پێداگری لەسەر گرنگیەکەی بکەن، وەك تاکە رێگەی دەربازبوونی هەمووان کاری بۆ بکەن و ئەم بالأیانە بلاڤبکەنەوە لەناو خەڵکی و لەهەموو شوێنێك.

ئەم راگەیاندنە، کە دوای تێڕامان و بیرکردنەوەیەکی قوڵ دێت بۆ واقیعی جیهانی ئێستا و بەهەندزانینی پێشکەوتنەکانی و هەستکردن بە ئێش و ژان و کارەساتەکانی؛ بڕوای پتەوی بەوە هەیە کە گەورەترین هۆکارەکانی کێشەو قەیرانەکانی ئەمڕۆی جیهان، بریتین لە نەبوونی وێژدانی مرۆڤانە و وەلانان و پشتگوێخستنی ئەخلاقی ئایینی و رووکردنە هەڵپەیی تاکگەرایی و فەلسفە ماددیەکان، کە مرۆڤ وەك خواوەندێك نیشان دەدات و حەز و ویستە ماددی و دونیایەکان دەخاتە شوێنی پەرەنسیپە بەرز و جوانەکان و بەهابالاکان.

ئێمە، ئەگەرچی لایەنە ئەرێنیەکانی پێشکەوتنی شارستانی جیهانی ئێستامان؛ لە بواری زانستی و تەکنیکی و پزیشکی و پیشەسازی و

خۆشگوزەرانی، بە تایبەت لە ولاتانی پێشکەوتوو، بەگەورە و بەرز هەڵدەسەنگێنین، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوەش دەخەینە بەرچاو، کە هاوشان لەگەڵ ئەم بازدانە مێژوویییە گەورە و جوانە، ئەو رەوشتەی کە هەڵسوکەوت کارو گفتاری ولاتان رێکدەخا؛ پاشەکشەی کردووە، بەها رۆحی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیش پاشەکشەی کردووە، ئەمەش وایکردووە کە بەشێوەیەکی گشتی هەستی بێ ئومێدی و داڕوخان و دوورەپەرێزی بلاوببێتەوە، بەجۆرێك کە وای لە زۆرانێك کردووە، یان ئەوەتا بخزێنە ناو گێژەڵووکەی تووندئاژۆیی ئاتایستی و بێ دینی، یانیش بخزێنە ناو گێژەڵووکەی تووندئاژۆیی ئاییینی و تووندڕەوی کوێرانە، هەروەکچۆن هانی هەندێکی دیکەی داوە بەجۆرێك لەجۆرەکان ئاڵودەببن و خۆیان و کەسانی دیکەش وێران بکەن.

دەکرێ بڵێین: مێژووش دوپاتیدەکاتەوە، کە تووندئاژۆیی ئاییینی و نەتەوەیی و رەگەزپەرستی، لە رۆژئاواو رۆژهەڵاتیش؛ هۆکاری سەرهەڵدانی نیشانە سەرەتاییەکانی (جەنگی جیهانی سێیەمە، بەشێوەیەکی لەسەرەخۆو پچڕ پچڕ)، بەجۆرێك کە خەریکە رووی ناشیرینی لە زۆر شوێن بەدەردەکەوێت، بارودۆخە کارەساتبارەکان و ئەو هەموو کوژراوو بێوەژن و منداڵە بێباوکانە؛ دەرخەری ئەو راستیەن، شوێنی دیکەش هەن کە لە ئامادەسازی دان بۆ خۆپڕچەککردن و دابین کردنی تەقەمەنی و جبەخانەی زیاتر، ئەمە لەکاتێکدا بارودۆخی

جیهانی تەمومژاویە و بێئومێدی و ترس لەداهاتوو باڵی بەسەرداکێشاوە و بەرژەوەندی ماددی تەسك تێدا حوکم دەکا.

ئەوەش دوپاتدەکەینەوە؛ ئەو قەیرانە سیاسی و ستەم و ناعەدالەتیانەی کە دەبینرێ لەدابەشکردنی بەربوومە سروشتی و داهاتەکان، بە جۆرێك کە کەمینەیەکی دەوڵەمەند بۆ خۆیان گلی دەدەنەوە و زۆرینەی هەرە زۆری گەلانی زەویش لێی بێبەشن؛ رۆژ بەرۆژ و سات لەدوای سات، نەخۆش و مردوو و هەژار و قەیرانی بکوژ و مەترسیداری دروستکردووەو دروستیشدەکات، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو ولاتانە دەوڵەمەندن و خەزێنە و سەروەت و سامانی زۆریان هەیە و خاوەنی دەستی کار و گەنجی بەتوانان. پێش هەموو ئەم قەیرانانەش، ملیۆنەها منداڵ لەبرسێتی و نەداریدا دەمرن و جەستە و لەشولاریان وەك پەیکەرە ئێسك لێدێت؛ جیهانیش لەبێدەنگییکی نارەوادا تەنها سەیر دەکات.

لێرەوە گرنگی خێزان بۆ کۆمەلگە و مرۆڤایەتی دەردەکەوێت، لەپێناو نانەوەی وەچە و پەروەردەکردن و فێرکردن گۆشکردنیان بە رەوشتی بەرز و لە ژێرچاودێری خودی خێزان، بۆیە هەر هێرشێك بۆ سەر دامەزراوەی خێزان و بەکەمزانین و گومان خستنە سەر گرنگی رۆڵ و بەهاکەی؛ مەترسیدارترە لە هەموو نەخۆشیەکانی ئەم سەردەمەمان.

هەروەها جەخت دەکەینەوە لەسەر زیندوکردنەوە و بەرزراگرتنی هەستی ئایینی لەناو ناخی نەوەکانی داهاتوو، لە رێگەی پەروەردەی دروست و رەوشتی بەرز و پەیوەست بە رێوشوێن و پەیامە ئاینیەکان بەشێوەیەکی تەندروست و رێك، بۆ روبەروبونەوەی ناکۆکیە تاکڕەوی و خۆپەرستیەکان و تووندئاژۆیی بەهەموو شێوە و جۆرەکانی.

ئامانجی هەرە گرنگ و یەکەمی ئاییەنەکان؛ باوەڕهێنان بەخوا و پەرستنیەتی، هەروەها باوەڕهەبوونە بەوەی کە ئەم گەردوونە پشت بەخوایێك دەبەستێ و هەر ئەویش هەڵیدەسوڕێنێ، ئەفرێنەرمانە و بەلێزانی و حیکمەتەوە ئەو کارەی کردووە و ژیانی پێبەخشیوین تا بیپارێزین؛ بەخشین و خەڵاتێکە کە هیچ مرۆڤێك بۆی نیە وەریبگرێتەوە، یان هەڕەشەی لێبکات، یانیش بەهەرجۆرێك بیەوێ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات، بەڵکو هەر لەسەرەتا هاتنە سەردونیای و تادوا رۆژی سروشتی ژیانی خۆی، هەمووان دەبێ پارێزگاری لێبکەن؛ هەربۆیەش پرۆتستۆی هەر کردەوەیەك دەکەین کە هەڕەشە لە ژیان بکات؛ وەك کردەوە تیرۆریستیەکان و کۆمەڵکوژی و دەرکردن و کۆچپێکردن و بازرگانیکردن بەجەستە و لەباربردن و ئەو کوشتنەی کە ناوی لێنراوە: مردنی بە (بێ) میهرەبانی و ئەو سیاسەتانەش کە پشتگیری دەکەن.

هەروەك —بە تەواوی بڕواوە- رایدەگەیەنین، کە ئایینەکان هەرگیز پۆستەچی هیچ شەڕێك نەبوون، هەروەها هاندەری هیچ رقوکینە و تووندڕەوی و خوێنڕیژیێك نەبوون، هەرچیێکیش لە رابردوو رووییداوە؛ بەرهەمی دەرچوون و لادان بووە لە پەیامە ئایینییەکان و هەڵقۆستنەوەی ئایین بووە لە سیاسەت، یانیش هەڵگێڕانەوە و لێکدانەوەی هەڵەی هەندێك لە پیاوانی ئایینی بووە لەهەندێك قۆناغی میژوودا، بەجۆرێك کە هەست و سۆزی ئایینی خەڵکیان بەکارهێناوە بۆ هەندێك مەرامی سیاسی و ئابووری بەرتەسکی دونیایی، هەربۆیەش لێرەوە داوادەکەین کە ئایین بەکارنەهێنرێ بۆ جۆشدانی رق و تووندوتیژی و لایەنگیری کوێرانە، چیتریش ناوی خوا بەکارنەهێنرێ بۆ بڕەودان و ڕێخۆشکردن بە کوشت و کوشتارو تیرۆر و دەستدرێژیکردن، چونکە هەموومان لەوە هاوباوەڕین کە خوا خەڵکی بۆ کوشتن، یان یەکترکوشتن، یانیش سزادان و ئازارو بەرتەسککردنەوەی ژیان و کار و بژێویان دروست نەکردووە، خوای گەورەش لەوە بێنیازترە کە پێویستی بەوە بێت داکۆکی لێبکرێت، یان ترس و تۆقاندن بەناوی ئەوەوە ئەنجامبدرێت.

ئەم پەیماننامەیە، پاڵپشت بەهەموو ئەو پەیماننامە جیهانیانەی کە رۆڵ و پێگەی ئایین بۆ ئاشتی جیهانی بەرزدەنرخێن، پێداگری لەسەر ئەمانە دەکات:

- باوەڕی تەواومان بەوە هەیە کە، پەیامی دروستی هەموو ئایینەکان؛ پەیامی ئاشتی و برایەتی مرۆڤایەتی و یەکترناسین و پێکەوەژیانە و دانایی و دادگەری و چاکەکاری بلاوەدەکەنەوە، بۆئەم مەبەستەش پێویستە هەڵپە و گڕوتینی تازەپێگەیشتووان و گەنجان بە بەرزڕاگرتنی ئایین پڕبکرێتەوە، تا دوور و پارێزراوبن لەوەی بیری ماددەگەرایی و مەترسی سیاسەتی خۆپڕکردن و خۆدەوڵەمەندکردنی کوێرانە بێ هیچ گوێپێدانێك داگیریان بکات، کە لەسەر بناغەی یاسای هێز دامەزرێنراوە، نەك هێزی یاسا.
- ئازادی مافی هەموو مرۆڤێکە: ئازادی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیا و دەربڕین، هەمەجۆری و جیاوازیش لە ئایین و ڕەنگ و ڕەگەز و بنەچە و زمان؛ حیکمەت و ویستێکی خواییە، کە مرۆڤی لەسەر دروستکردووە و کردوویەتی بە سەرەتایەکی جێگیر و لقوپۆپی دیکەی بێدەبێتەوە، وەك مافەکانی ئازادی بیروباوەڕ و ئازادی جیاوازی و بەتاوان ناساندنی زۆری کردن لەسەر هەڵبژاردنی ئایینێك یان کلتورێکی دیاریکراو، یان سەپاندنی شێوەوکردارێکی نوێ، کە قەبوڵکراو نیە لەلای بەرامبەر.
- ئەو دادگەریەی بناغەکەی لەسەر میهرەبانیە، ئەو شارێگەیەیە کە پێویستە بگیرێتەبەر بۆ ژیانێکی ڕێزدار و شایستە بەهەر مرۆڤێك.

- دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و بلاۆکردنەوەی کلتوری لێبوردەیی و یەکترقەبولکردن و پێکەوەژیان لەناو خەلکی؛ زۆرێك لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ژینگەییەکان چارەسەردەکات.
- دیالۆگ و گفتوگۆی نێوان بڕوادارن، بەمانای پڕکردنەوەی بۆشایێکی گەورەی بەها رۆحی و مرۆیی و کۆمەلایەتیەکان دێت، وەبەرهێنانێکیشە لە بلاۆکردنەوەی رەوشت و بەها بالاکان، کە هەموو ئایینەکان داوای دەکەن، و هۆکارێکیشە بۆ دوورکەوتنەوە لە مشتومڕ و شەڕەقسەی بێ ئاکام.
- پاراستنی شوێنەکانی خواپەرستی، وەك پەرستگە و کڵێسا و مزگەوت؛ ئەرکێکە و لە ئەستۆی هەموو ئایینەکان و بەها مرۆیی و پەیماننامە و رێنماییە نێودەوڵەتیەکانە، هەر جۆرێکی دەستدرێژیکردنە سەریان، بە هێرشکردن و تەقاندنەوەو روخاندن؛ دەرچوونێکی روون و ئاشکرایە لە پەیامی ئایینەکان و بێڕێزیکردن و شکاندنی یاسا نێودەوڵەتیەکانیشە.
- ئەو تیرۆرە بێزراوەی هەڕەشە لە ئاسایش و سەلامەتی خەلکی دەکات و ترووس و تۆقاندن بلاۆدەکاتەوە، لە رۆژهەلاٵت بێت یان رۆژئاوا، لە باکوربێت یان باشوور؛ بەرهەمی ئایین نیە، تەنانەت ئەگەر تیرۆرستان ناو و دروشمی ئایینیش بەرزبکەنەوە، بەلکو بەرهەمی کەلەکە بوونی ناحاڵی بوون و ناتێگەیشتنە لە دەقە ئایینیەکان، هەروەها بەرهەمی هەریەك لە سیاسەتەکانی

برسیکردن و هەژارکردن و ستەمکردن و خۆبەزلزانینن، بۆیە نابێ پشتیوانیان لێبکرێ، چ بە پارەوپول، چ بە چەك، یان پلاندان، یاخود عوزریان بۆ بهێنرێتەوە، یان لە رێگەی راگەیاندنەوە کارەکانیان بۆ بگوازرێتەوە، ئەم کارانە دەبێ وەك ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانە سەیربکرێن، کە هەرەشەن بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی جیهانی و پڕۆتستۆ بکرێت بەهەموو شێوە و جۆرەکانی.

- چەمکی هاوولاتیبوون؛ لەسەر بناغەی یەکسانی لە ئەرك و مافدا وەستاوە، بەو جۆرەی کە هەموان لە سایەیدا هەست بە دادگەری بکەن، بۆیە پێویستە کاربکرێت بۆ چەسپاندنی چەمکی هاوولاتیبوونی تەواو لە کۆمەڵگاکانماندا و چیتر دەستەواژەی ((کەمینەکان)) بەکارنەهێنرێ، چونکە بەجۆرێك لە جۆرەکان مانای بەکەمزانین و دووەپەرێزی لێدەخوێنرێتەوە و رێخۆشکەریشە بۆ چاندنی تۆوی ناکۆکی و ئاڵۆزی و لێکدابڕان و کۆنترۆلکردن و سنووردارکردنی هەندێك مافی ئایینی و نەتەوەیی و لە ئەنجامیشدا دەبێتە هۆکاری بەرپابوونی جیاکاری.
- بوونی پەیوەندی لە نێوان رۆژهەلاّت و رۆژئاوا زەروورەتێکی پێویستە بۆ هەردولا، ناکرێ پیشتگوێ بخرێ، یانیش بەکەم سەیربکرێ؛ تا هەردولا سوود لە شارستانەیەتی یەکتری وەربگرن لە رێگەی ئالوگۆڕی بیروڕا و دیالۆگی کلتورەکان، بۆ نمونە دەکرێ

رۆژئاوا سوود لە بابەتە رۆحی و ئایینیەکانی ناو شارستەنیەتی رۆژهەلأت وەربگرێ، بۆ چارەسەرکردنی لایەنی ماددی لەسنوور دەرچوو، هەروەکچۆن رۆژهەلأتیش دەتوانێ لە رووی پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی و رۆشنبیری و دووربوون لە شەڕ و ئالۆزی و دووبەرەکی سوود لە شارستانیەتی رۆژئاوا وەربگرێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە؛ هەستکردنە بەو جیاوازیە ئایینی و رۆشنبیری و مێژووی و شارستانیەیە کە تاکی مرۆڤی رۆژهەلأتی هەیەتی، هەروەها پێداگریکردن لەسەر گرنگی کارکردن لەسەر چەسپاندنی مافە گشتیە هاوبەشەکانی مرۆڤ، بۆ زامنکردنی ژیانێکی شایستە بۆ هەمووان لە رۆژهەلأت و رۆژئاوا، دوور لەسیاسەتی بانێکە و دووهەوا.

- دانان بە مافی ئافرەت، لە خوێندن و کارکردن و کاروباری سیاسی پێویستیەکی حاشاهەلنەگرە، هەروەکچۆن ئەرکە کە کاربکرێ لە پێناو ئازادکردنی ئافرەتان لەو هەژموونە کۆمەلأیەتی و مێژووییانەی دژ بە بیروباوەڕ و ڕێز و بەهای ئافرەتن، هەروەها دەبێ پاریزگاری لێبکرێ لە ئەگەری ئیستیغلال و چەوساندنەوەی بۆ سێکس، یان بەکارهێنانی وەك کالأ و کەلوپەل بۆ کاتبەسەربردن و قازانجکردن، هەربۆیەش دەبێ هەموو ئەو کردەوەو نەریتە نامرۆڤانە و دوور لە بەهاو ڕێزانەی دژبە ئافرەتن بوەستێنرێن و کاریشبکرێت دووبارە ڕێکخستنەوە و

هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی دژ ئافرەتانن بۆ وەدەستهێنانی تەواوی مافەکانیان.

- مافی گۆشکردنی منداڵان و سەرپەرشتیکردنیان لەناو خێزان و دابینکردنی خواردن و فێرکردنیان ئەرکە لەسەر خێزان و کۆمەڵگە و نابێ لێیان بێبەش بکرێن، هەروەها دەبێ داکۆکیان لێبکرێ و ئیدانەی هەر کردەوەیەك بکرێت کە دژ بە ماف و ڕێزیان بێت و چاودێریان بکرێت لە زیان و مەترسیەکانی تێکەڵاوبوونیان بەجیهانی ژمارەو ئەلیکترۆن و تاوانی بازرگانی پێکردن و سووکایەتیپێکردنیان بەهەر شێوازێك بێت.
- پاراستنی مافی بەساڵاچووان و خاوەن پێداویستیەتایبەتەکان و کەسانی بێهێز؛ پێویستیەکی ئایینی و کۆمەڵگەییە و دەبێ کار بۆ فەراهەمکردنیان بکرێت و بە یاسای تۆندوتۆڵ و پەیماننامەی نێودەوڵەتی بپارێزرێن.

بۆ ئەم مەبەستەو بەهاوکاری و هەماهەنگی هەریەك لە کلێسای کاسۆلیکی و ئەزهەری شەریف؛ پەیمان دەدەین و ڕایدەگەیەنین، کە کاردەکەین بۆ گەیاندنی ئەم پەیماننامەیە بۆ سەرجەم بڕیاربەدەست پیاوانی ئایینی و سەرکردەکاریگەرەکانی جیهان و ڕێکخراوە ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە ئایینیەکان و بیرمەندان، هەروەها کاریش دەکەین بۆ بلاوکردنەوەی ئەو پڕەنسیپانە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

و بیانکەین بە سیاسەت و بڕیار و دەقی یاسایی و بیانخەینە وانەکانی خوێندن و بابەتی ڕێکلامی.

هەروەها داوا دەکەین کە ئەم پەیماننامەیە ببێتە مایەی سەرنج و تووێژینەوەی هەموو خوێندنگە و زانکۆو پەیمانگا فێرکاری و پەروەردەییەکان، بۆ ئەوەی یارمەتیدەربێت لە پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێی دەست و دڵ پڕ لە خێر و ئاشتی و داکۆکیکار لە مافی چەوساوە و ستەملێکراوان، لە هەموو شوێنێك.

لە کۆتاییدا:

با ئەم پەیماننامەیە ببێتە هەڵمەت و داوایێك بۆ ئاشتبوونەوە و برایەتی لە نێوان بڕوادارانی هەموو ئایینەکان، بەڵکو بڕواداران و بێ بڕوایانیش و هەر کەسێك کە خاوەنی دڵ و مەرام و ویستێکی پاك و چاك بێت.

با ئەم پەیماننامەیە ببێتە بانگەوازێك بۆ هەموو ئەوانەی خاوەنی ویژدانێکی زیندوون و دژ بە تووندوتیژی و تووندڕەوین و پەرەنسیپی لێبووردەیی و برایەتیان خۆشدەوێ، کە داوا و ویستی هەموو ئاینەکانە.

با ئەم بەڵگەنامەیە ببێتە شایەتمانێك بۆ گەورەیی بڕوابوونمان بەو خوایەی کە دڵ لێکجیاوازەکان یەك دەخا و پاك و پوخت و بەرزیان دەکاتەوە.

با ببێتە هێمای دەستەملانێ نێوان رۆژهەلآت و رۆژئاوا، باکوور و باشوور و نێوانی هەموو ئەوانەی کە باوەڕیان بەوە هەیە کە خوا بۆ ئەوە دروستیکردوین، تا یەکتری بناسین و هاوکاری یەکتری بکەین و بەیەکەوەبژین وەك دوو برای خۆشەویست.

ئەمە ئومێدی ئێمەیە و کار بۆ بەدیهێنانی دەکەین؛ بە ئامانجی گەیشتن بە ئاشتی جیهانی، تا هەمووان لەسایەیدا بەخۆشی بژین.

شێخی ئەزهەری شەریف

أحمد الطيب

قەداسەتی پاپا

فرەنسیس

أبو ظبي 4 **فبراير** 2019

وثيقة
الأخوة الإنسانية
من أجل السلام العالمي والعيش المشترك



وَثِيقَة

الأُخُوَّة الإِنسَانِيَّة

مِنْ أَجْلِ السَّلَامِ العَالَمِيِّ وَالعَيْشِ المُشْتَرَك

مقدمة

يحملُ الإيمانُ المؤمنَ على أن يَرى في الآخرِ أخاً له، عليه أن يؤازرَه ويُحبَّه.

وانطلاقاً من الإيمان بالله الذي خلقَ الناسَ جميعاً وخلقَ الكونَ والخلائقَ وساوى بينهم برحمتِه، فإنَّ المؤمنَ مدعوٌّ للتعبيرِ عن هذه الأُخوّةِ الإنسانيّة بالاعتناءِ بالخليقةِ وبالكونِ كلِّه وبتقديمِ العونِ لكلِّ إنسانٍ، لاسيّما الضُّعفاءِ منهم والأشخاصِ الأكثرِ حاجةً وعوزاً.

وانطلاقاً من هذا المعنى المُتسامي، وفي عِدّةِ لقاءاتٍ سادَها جوٌّ مُفعَمٌ بالأُخوّةِ والصّداقةِ تشاركنا الحديثَ عن أفراحِ العالمِ المُعاصرِ وأحزانِه وأزماتِه سواءٌ على مُستوى التقدُّمِ العلميِّ والتقنيِّ، والإنجازاتِ العلاجيّة، والعصرِ الرّقميِّ، ووسائلِ الإعلامِ الحديثةِ، أو على مستوى الفقرِ، والحُروبِ والآلامِ التي يُعاني منها العديدُ من إخوتِنا وأخواتِنا في مَناطقَ

مُختلِفةٍ من العالمِ، نتيجةَ سباقِ التَّسلُّحِ، والظُّلمِ الاجتماعيِّ والفسادِ، وعدمِ المُساواةِ، والتدهورِ الأخلاقيِّ، والإرهابِ، والعُنصُريَّةِ والتَّطرُّفِ، وغيرِها من الأسبابِ الأُخرى.

ومن خِلالِ هذه المُحادثاتِ الأخويَّةِ الصَّادِقةِ التي دارت بيننا وفي لقاءٍ يملؤُهُ الأملُ في غدٍ مُشرِقٍ لكُلِّ بني الإنسانِ، وُلِدت فكرةُ «وثيقةِ الأُخوَّةِ الإنسانيَّةِ» وجرى العملُ عليها بإخلاصٍ وجدِّيَّةٍ؛ لتكونَ إعلاناً مُشتركاً عن نوايا صالحةٍ وصادقةٍ من أجلِ دعوةِ كُلِّ من يحملونَ في قُلوبِهم إيماناً باللهِ وإيماناً بالأُخوَّةِ الإنسانيَّةِ أن يتوحَّدُوا ويعملُوا معًا من أجلِ أن تُصبحَ هذه الوثيقةُ دليلاً للأجيالِ القادمةِ يأخُذُهم إلى ثقافةِ الاحترامِ المُتبادَلِ، في جوٍّ من إدراكِ النِّعمةِ الإلهيَّةِ الكُبرى التي جعلَتْ من الخلقِ جميعًا إخوةً.

الوثيقة

باسمِ الله الذي خلقَ البشرَ جميعًا متساوين في الحقوقِ والواجباتِ والكرامةِ، ودعاهم للعيشِ كإخوةٍ فيما بينهم ليعمّروا الأرضَ، وينشروا فيها قيمَ الخيرِ والمحبّةِ والسلامِ.

باسمِ النفسِ البشريّةِ الطاهرةِ التي حرّمَ اللهُ إزهاقَها، وأخبرَ أنّه من جنى على نفسٍ واحدةٍ فكأنّه جنى على البشريّةِ جمعاءَ، ومن أحيا نفسًا واحدةً فكأنّما أحيا الناسَ جميعًا.

باسمِ الفقراءِ والبؤساءِ والمحرومينَ والمهمّشينَ الذين أمرَ اللهُ بالإحسانِ إليهم ومدِّ يدِ العونِ للتّخفيفِ عنهم، فرضًا على كلِّ إنسانٍ لاسيّما كلِّ مقتدرٍ وميسورٍ.

باسمِ الأيتامِ والأراملِ، والمهجّرينَ والنّازحينَ من ديارِهم وأوطانِهم، وكلِّ ضحايا الحروبِ والاضطهادِ والظّلمِ، والمستضعفينَ والخائفينَ والأسرى والمعذّبينَ في

الأرضِ، دُونَ إقصاءٍ أو تمييزٍ.

باسمِ الشُّعُوبِ التي فقَدَتِ الأمْنَ والسَّلامَ والتَّعايُشَ وحَلَّ بها الدَّمارُ والخَرابُ والنَّواحُ.

باسمِ «الأُخُوَّةِ الإنسانيَّةِ» التي تَجْمَعُ البَشَرَ جميعًا وتُوَحِّدُهُم وتُسَوِّي بينَهم.

باسمِ تلكَ الأُخُوَّةِ التي ارهَقَتْها سِياساتُ التَّعَصُّبِ والتَّفرِقةِ التي تَعبَثُ بمَصائِرِ الشُّعُوبِ ومُقَدَّراتِهم، وأنظِمةُ التَّرَبُّحِ الأعمى والتَّوَجُّهاتُ الأيدلوجيَّةِ البَغيضةِ.

باسمِ الحُرِّيَّةِ التي وَهَبَها اللهُ لكلِّ البَشَرِ وفَطَرَهُم عليها وميَّزَهُم بها.

باسمِ العَدْلِ والرَّحمةِ، أساسِ المُلْكِ وجَوهَرِ الصَّلاحِ.

باسمِ كُلِّ الأشخاصِ ذَوِي الإرادةِ الصالحةِ، في كلِّ بِقاعِ المَسكُونةِ.

باسمِ اللهِ وباسمِ كُلِّ ما سَبَقَ، يُعلِنُ الأزهَرُ الشَّريفُ ومِن حَولِهِ المُسلِمُونَ في مَشارِقِ الأرضِ ومَغارِبِها- والكنيسةُ الكاثوليكيَّةُ

وَمِنْ حولِها الكاثوليك من الشَّرقِ والغَرْبِ - تَبنِّي ثقافةِ الحوارِ دَرْباً، والتعاوُنِ المُشتركِ سبيلاً، والتعارُفِ المُتبادَلِ نَهْجًا وطَرِيقًا.

إنَّنا نحن - المؤمنين بالله وبلقائهِ وبحسابهِ - ومن مُنطلَقِ مسؤوليَّتِنا الدِّينيَّةِ والأدبيَّةِ، وعبْرَ هذه الوثيقةِ، نُطالِبُ أنفُسَنا وقادةَ العالَمِ، وصُنَّاعَ السِّياساتِ الدَّوليَّةِ والاقتصادِ العالَميِّ، بالعَمَلِ جدِّيًّا على نَشْرِ ثقافةِ التَّسامُحِ والتَّعايُشِ والسَّلامِ، والتدخُّلِ فَوْراً لإيقافِ سَيْلِ الدِّماءِ البَريئةِ، ووَقْفِ ما يَشهَدُه العالَمُ حاليًّا من حُرُوبٍ وصِراعاتٍ وتَراجُعٍ مناخيٍّ وانحدارٍ ثقافيٍّ وأخلاقيٍّ.

ونَتوجَّهُ للمُفكِّرينَ والفلاسفةِ، ورِجالِ الدِّينِ والفنَّانينَ والإعلاميِّين والمُبدِعينَ في كُلِّ مكانٍ ليُعيدُوا اكتشافَ قِيَمِ السَّلامِ والعَدْلِ والخَيْرِ والجَمالِ و الأُخوَّةِ الإنسانيَّةِ

والعَيْشِ المُشتَرَكِ، وليؤكِّدوا أهميَّتَها كَطوقِ نجاةٍ للجَميعِ وليَسعَوْا في نَشْرِ هذه القِيَمِ بينَ النَّاسِ في كُلِّ مَكان.

إنَّ هذا الإعلانَ الذي يأتي انطِلاقاً من تأمُّلٍ عَميقٍ لواقِعِ عالَمِنا المُعاصِرِ وتقديرٍ نَجاحاتِه ومُعايشَةِ آلامِهِ ومَآسيهِ وكَوارثِهِ. ليُؤمِنُ إيماناً جازِماً بأنَّ أهمَّ أسبابِ أزمةِ العالَمِ اليومَ يعودُ إلى تغييبِ الضَّميرِ الإنسانيِّ وإقصاءِ الأخلاقِ الدِّينيَّةِ، وكذلك استدعاءُ النَّزعةِ الفرديَّةِ والفلسفاتِ المادِّيةِ، التي تُؤَلِّهُ الإنسانَ، وتَضَعُ القِيَمَ المادِّيَّةَ الدُّنيويَّةَ موضِعَ المَبادِئِ العُليا والمُتسامِية.

إنَّنا، وإن كُنَّا نقدِّرُ الجوانبَ الإيجابيَّةَ التي حقَّقتْها حضارتُنا الحديثةُ في مجالِ العِلمِ والتِّقنيةِ والطِّبِّ والصِّناعةِ والرَّفاهيةِ، وبخاصَّةٍ في الدُّوَلِ المُتقدِّمةِ، فإنَّا - مع ذلك - نُسجِّلُ أنَّ هذهِ القفزاتِ التاريخيَّةَ الكبرى والمحمودةَ تراجعَتْ معها الأخلاقُ

الضَّابِطةُ للتصرُّفاتِ الدوليَّةِ، وتراجعَتِ القِيَمُ الرُّوحيَّةُ والشُّعُورُ بالمسؤوليَّةِ؛ ممَّا أسهَمَ في نَشْرِ شُعُورٍ عامٍّ بالإحباطِ والعُزلَةِ واليأسِ، ودَفَعَ الكثيرينَ إلى الانخراطِ امَّا في دَوَّامةِ التَّطرُّفِ الإلحاديِّ واللادينيِّ، وإمَّا في دوامة التَّطرُّفِ الدِّينيِّ والتشدُّدِ والتَّعصُّبِ الأعمى، كما دَفَعَ البعضَ إلى تبنِّي أشكالٍ من الإدمانِ والتَّدميرِ الذاتيِّ والجماعيِّ.

إن التاريخَ يُؤكِّدُ أنَّ التطرُّفَ الدِّينيَّ والقوميَّ والتعصُّبَ قد أثمرَ في العالَمِ، سواءٌ في الغربِ أو الشَّرقِ، ما يُمكنُ أن نُطلِقَ عليه بوادرِ «حربٍ عالميَّةٍ ثالثةٍ على أجزاءٍ» بدأتْ تكشِفُ عن وجهِها القبيحِ في كثيرٍ من الأماكنِ، وعن أوضاعٍ مأساويَّةٍ لا يُعرَفُ على وجهِ الدِّقَّةِ عددُ مَن خلَّفَتْهم من قتلى وأراملَ وثكالى وأيتامٍ، وهناك أماكنُ أُخرى يجري إعدادُها لمزيدٍ من الانفجارِ وتكديسِ السِّلاحِ وجلبِ

الذَّخائرِ، فى وَضْعٍ عالمِيٍّ تُسيطِرُ عليه الضَّبابيَّةُ وخَيبَةُ الأملِ والخوفُ من المُستَقبَلِ، وتَحكُمُ فيه المَصالحُ المادِيَّةُ الضيِّقة.

ونُشدِّدُ أيضًا على أنَّ الأزماتِ السياسيَّةَ الطاحنةَ، والظُّلمَ وافتِقادَ عَدالةِ التوزيعِ للثرواتِ الطبيعيَّة - التى يَستأثِرُ بها قِلَّةٌ من الأثرياءِ ويُحرَمُ منها السَّوادُ الأعظَمُ من شُعوبِ الأرضِ - قد أنتَجَ ويُنتِجُ أعدادًا هائلةً من المَرضَى والمعُوزِين والموتَى، وأزماتٍ قاتلةً تَشهَدُ هاكثيرٌ من الدَّوَلِ، برغمِ ما تزخَرُ به تلك البلادُ من كُنوزٍ وثَرواتٍ، وما تَملِكُه من سَواعِدَ قويَّةٍ وشَبابٍ واعدٍ. وأمامَ هذه الأزمات التى تجعَلُ مَلايينَ الأطفالِ يَموتُونَ جُوعًا، وتَتحَوَّلُ أجسادُهم - من شِدَّةِ الفقرِ والجوعِ - إلى ما يُشبِهُ الهَياكِلَ العَظميَّةَ البالية، يَسُودُ صمتٌ عالمىٌّ غيرُ مقبولٍ.

وهنا تظهر ضرورة الأسرة كنواة لا غنى عنها للمجتمع وللبشرية، لإنجاب الأبناء وتربيتهم وتعليمهم وتحصينهم بالأخلاق وبالرعاية الأسرية فمهاجمة المؤسسة الأسرية والتقليل منها والتشكيك في أهمية دورها هو من أخطر أمراض عصرنا.

إننا نؤكد أيضا على أهمية إيقاظ الحس الديني والحاجة لبعثه مجددا في نفوس الأجيال الجديدة عن طريق التربية الصحيحة والتنشئة السليمة والتحلي بالأخلاق والتمسك بالتعاليم الدينية القويمة لمواجهة النزعات الفردية والأنانية والصدامية والتطرف والتعصب الأعمى بكل أشكاله وصوره.

إن هدف الأديان الأول والأهم هو الإيمان بالله وعبادته، وحث جميع البشر على الإيمان بأن هذا الكون يعتمد على

إلهٍ يحكمُه، هو الخالقُ الذى أوجدَنا بحكمةٍ إلهيّةٍ، وأعطانا هِبَةَ الحياةِ لنُحافِظَ عليها، هبةً لا يحقُّ لأىِّ إنسانٍ أن ينزِعَها أو يُهدِّدَها أو يتصرَّفَ بها كما يشاءُ، بل على الجميعِ المُحافظةُ عليها منذُ بدايتِها وحتى نهايتِها الطبيعيّةِ، لذا ندينُ كلَّ الممارساتِ التى تُهدِّدُ الحياةَ، كالإبادةِ الجماعيّةِ، والعمليّاتِ الإرهابيّةِ، والتهجيرِ القسرىِّ، والمُتاجرةِ بالأعضاءِ البشريّةِ، والإجهاضِ وما يُطلقُ عليه الموت (اللا) رحيم، والسياساتِ التى تشجّعُها.

كما نُعلنُ - وبحزمٍ - أنَّ الأديانَ لم تكُنْ أبداً بريداً للحُروبِ أو باعثةً لمشاعرِ الكراهيةِ والعداءِ والتعصُّبِ، أو مُثيرةً للعُنفِ وإراقةِ الدِّماءِ، فهذه المآسى حصيلةُ الانحرافِ عن التعاليمِ الدِّينيّةِ، ونتيجةُ استغلالِ الأديانِ فى السِّياسةِ وكذا تأويلاتُ طائفةٍ من رجالاتِ الدِّينِ - فى

بعض مَراحِلِ التاريخِ - ممَّن وظَّف بعضُهم الشُّعورَ الدِّينيَّ لدَفعِ الناسِ للإتيانِ بما لاعلاقةَ له بصَحيحِ الدِّينِ ، من أجلِ تحقيقِ أهدافٍ سياسيَّةٍ واقتصاديَّةٍ دُنيويَّةٍ ضيِّقةٍ ؛ لذا فنحنُ نُطالِبُ الجميعَ بوَقْفِ استخدامِ الأديانِ في تأجيجِ الكراهيةِ والعُنفِ والتطرُّفِ والتعصُّبِ الأعمى، والكفِّ عن استخدامِ اسمِ الله لتبريرِ أعمالِ القتلِ والتشريدِ والإرهابِ والبطشِ ؛ لإيمانِنا المُشتركِ بأنَّ الله لم يَخلُقِ الناسَ ليُقتَّلوا أو ليَتقاتَلوا أو يُعذَّبوا أو يُضيَّقَ عليهم في حياتِهم ومعاشِهم ، وأنَّه - عزَّ وجلَّ - في غِنىً عمَّن يُدافِعُ عنه أو يُرهِبُ الآخرينَ باسمِه .

إنَّ هذه الوثيقةَ ، إذ تعتمِدُ كُلَّ ما سبَقَها من وثائقَ عالميَّةٍ نبَّهَتْ إلى أهميَّةِ دَورِ الأديانِ في بناءِ السَّلامِ العالميِّ، فإنَّها تؤكِّدُ الآتي :

القناعةُ الراسخةُ بأنَّ التعاليمَ الصحيحةَ للأديانِ تَدعُو إلى التمسُّك بقيمِ السلام وإعلاءِ قيمِ التعارُفِ المُتبادَلِ والأُخُوَّةِ الإنسانيَّة والعَيْشِ المُشتَرَكِ، وتكريس الحِكْمَةِ والعَدْلِ والإحسان، وإيقاظِ نَزْعَةِ التديُّن لدى النَّشْءِ والشبابِ، لحمايةِ الأجيالِ الجديدةِ من سَيْطَرَةِ الفكرِ المادِّيِّ، ومن خَطَرِ سياساتِ التربُّحِ الأعمى واللامُبالاةِ القائمةِ على قانونِ القُوَّةِ لا على قُوَّةِ القانُونِ.

- أنَّ الحرِّيَّةَ حَقٌّ لكُلِّ إنسانٍ، اعتقادًا وفكرًا وتعبيرًا وممارسةً، وأنَّ التَّعدُّدِيَّةَ والاختلافَ في الدِّينِ واللَّوْنِ والجنسِ والعِرْقِ واللُّغةِ حِكمةٌ لمَشيئةٍ إلهيَّةٍ، قد خلقَ اللهُ البشرَ عليها، وجعلَها أصلًا ثابتًا تتفرَّعُ عنه حُقُوقُ حُرِّيَّةِ الاعتقادِ، وحُرِّيَّةِ الاختلافِ، وتجريمِ

إكراهِ النَّاسِ على دينٍ بعَيْنِهِ أو ثقافةٍ مُحدَّدةٍ أو فرْضِ أسلوبٍ حضاريٍّ لا يقبَلُه الآخَر.

- أنَّ العدلَ القائمَ على الرَّحمةِ هو السبيلُ الواجبُ اتِّباعُه للوُصولِ إلى حياةٍ كريمةٍ، يحقُّ لكُلِّ إنسانٍ أن يحيا في كنَفِها.

- أنَّ الحوارَ والتفاهُمَ ونشرَ ثقافةِ التَّسامُحِ وقبُولِ الآخَرِ والتعايُشِ بين الناسِ، من شأنِه أن يُسْهِمَ في احتواءِ كثيرٍ من المشكلاتِ الاجتماعيَّةِ والسياسيَّةِ والاقتصاديَّةِ والبيئيَّةِ التي تُحاصِرُ جُزءًا كبيرًا من البَشَرِ.

- أنَّ الحوارَ بين المؤمنين يعني التلاقيَ في المساحةِ الهائلةِ للقِيَمِ الرُّوحيَّةِ والإنسانيَّةِ والاجتماعيَّةِ المُشتَرَكةِ، واستثمارَ ذلك في نَشْرِ الأخلاقِ والفضائلِ العُلْيا التي تدعو إليها الأديانُ، وتجنُّبَ الجَدَلِ العقيمِ.

- أنَّ حِمايةَ دُورِ العبادةِ، من معابدَ وكنائسَ ومساجدَ

واجبٌ تكفُلُه كُلُّ الأديانِ والقِيَمِ الإنسانيَّةِ والمواثيقِ والأعرافِ الدوليَّةِ، وكلُّ محاولةٍ للتعرُّضِ لِدُورِ العبادةِ، واستهدافِها بالاعتداءِ أو التفجيرِ أو التهديمِ، هي خروجٌ صريحٌ عن تعاليمِ الأديانِ، وانتهاكٌ واضحٌ للقوانينِ الدوليَّةِ.

- أنّ الإرهابَ البغيضَ الذي يُهدِّدُ أمنَ الناسِ، سواءٌ في الشَّرقِ أو الغربِ، وفي الشَّمالِ والجنوبِ، ويُلاحِقُهم بالفزعِ والرُّعبِ وتَرقُّبِ الأسوأ، ليس نتاجًا للدِّينِ - حتى وإن رفعَ الإرهابيُّون لافتاتِه ولبسوا شاراتِه - بل هو نتيجةٌ لتراكُماتِ الفهومِ الخاطئةِ لنصوصِ الأديانِ وسياساتِ الجوعِ والفقرِ والظُّلمِ والبطشِ والتَّعالي؛ لذا يجبُ وقفُ دعمِ الحركاتِ الإرهابيَّةِ بالمالِ أو بالسِّلاحِ أو التخطيطِ أو التبريرِ، أو بتوفيرِ الغطاءِ الإعلاميِّ لها، واعتبارُ ذلك من الجرائمِ الدوليَّةِ التي تُهدِّدُ الأمنَ والسِّلمَ العالميَّين، ويجب إدانةُ ذلك التَّطرُّفِ بكُلِّ أشكالِه وصُوَرِه.

- أنَّ مفهومَ المواطنةِ يقومُ على المُساواةِ فى الواجباتِ والحُقوقِ التى ينعَمُ فى ظِلالِها الجميعُ بالعدلِ، لذا يجبُ العملُ على ترسيخِ مفهومِ المواطنةِ الكاملةِ فى مُجتمعاتِنا، والتخلِّى عن الاستخدام الإقصائىِّ لمصطلح «الأقليَّاتِ» الذى يحملُ فى طيَّاتِهِ الإحساسَ بالعُزلةِ والدُّونيَّة، ويُمهِّدُ لبُذورِ الفِتَنِ والشِّقاقِ، ويُصادِرُ على استحقاقاتِ وحُقوقِ بعض المُواطِنين الدِّينيَّةِ والمَدنيَّةِ، ويؤدِّى إلى مُمارسةِ التمييزِ ضدَّهُم.

- أنَّ العلاقةَ بينَ الشَّرقِ والغَربِ هى ضَرُورَةٌ قُصوى لكِليهِما، لا يُمكِنُ الاستعاضةُ عنها أو تجاهُلُها، ليَغْتَنِىَ كلاهُما من الحَضارةِ الأُخرى عَبْرَ التَّبادُلِ وحوارِ الثقافاتِ، فبإمكانِ الغَربِ أن يجدَ فى حَضارةِ الشرقِ ما يُعالِجُ بهِ بعضَ أمراضِه الرُّوحيَّةِ والدِّينيَّةِ التى

نَتَجَتْ عن طُغيانِ الجانبِ المادىِّ ، كما بإمكانِ الشرق أن يَجِدَ فى حضارةِ الغربِ كثيرًا مِمَّا يُساعِدُ على انتشالِه من حالاتِ الضعفِ والفُرقةِ والصِّراعِ والتَّراجُعِ العلمىِّ والتقنىِّ والثقافىِّ . ومن المُهِمِّ التأكيدُ على ضَرُورةِ الانتباهِ للفَوارِقِ الدِّينيَّةِ والثقافيَّةِ والتاريخيَّةِ التى تَدخُلُ عُنصرًا أساسِيًا فى تكوينِ شخصيَّةِ الإنسانِ الشرقىِّ ، وثقافتِه وحضارتِه ، والتأكيدُ على أهميَّةِ العَمَلِ على تَرسيخِ الحقوقِ الإنسانيَّةِ العامَّةِ المُشتَرَكةِ ، بما يُسهِمُ فى ضَمانِ حياةٍ كريمةٍ لجميعِ البَشَرِ فى الشَّرقِ والغَربِ بعيدًا عن سياسةِ الكَيلِ بمِكيالَيْنِ .

- أنَّ الاعترافَ بحَقِّ المَرأةِ فى التَّعليمِ والعَملِ وممارسةِ حُقُوقِها السياسيَّةِ هُو ضَرُورةٌ مُلِحَّةٌ ، وكذلك

وجوبُ العملِ على تحريرِها من الضُّغوطِ التاريخيَّةِ والاجتماعيَّةِ المُنافيةِ لثوابتِ عقيدتِها وكرامتِها، ويجبُ حمايتُها أيضًا من الاستغلالِ الجنسيِّ ومن مُعاملتِها كسِلعةٍ أو كأداةٍ للتمتُّعِ والتربُّحِ؛ لذا يجبُ وقفُ كلِّ الممارساتِ اللاإنسانيَّةِ والعاداتِ المُبتذِلةِ لكرامةِ المرأةِ، والعملُ على تعديلِ التشريعاتِ التي تحولُ دونَ حصولِ النساءِ على كاملِ حقوقِهنَّ.

- أنَّ حقوقَ الأطفالِ الأساسيَّةَ في التنشئةِ الأسريَّةِ، والتغذيةِ والتعليمِ والرعايةِ، واجبٌ على الأسرةِ والمجتمعِ، وينبغي أن تُوفَّرَ وأن يُدافَعَ عنها، وألَّا يُحرَمَ منها أيُّ طفلٍ في أيِّ مكانٍ، وأن تُدانَ أيَّةُ مُمارسةٍ تنالُ من كرامتِهم أو تُخِلُّ بحقوقِهم، وكذلك ضرورةُ الانتباهِ إلى ما يتعرَّضونَ له من مخاطرَ - خاصَّةً في البيئةِ الرقميَّةِ - وتجريمِ المُتاجرةِ بطفولتِهم البريئةِ، أو انتهاكِها بأيِّ صورةٍ من الصُّورِ.

- أنَّ حمايةَ حُقوقِ المُسنِّين والضُّعفاءِ وذَوِي الاحتياجاتِ الخاصَّةِ والمُستَضعَفِينَ ضَرورةٌ دِينيَّةٌ ومُجتمعيَّةٌ يَجبُ العَملُ على توفيرِها وحِمايتِها بتشريعاتٍ حازمَةٍ وبتطبيقِ المواثيقِ الدّوليَّة الخاصَّةِ بهم.

وفي سبيلِ ذلك ومن خلالِ التَّعاونِ المُشتَرَكِ بين الكنيسَةِ الكاثُوليكيَّةِ والأزهَرِ الشَّريفِ، نُعلِنُ ونتعهَّدُ أنَّنا سنعملُ على إيصالِ هذه الوثيقةِ إلى صُنَّاعِ القرارِ العالميِّ والقياداتِ المُؤثِّرة ورجالِ الدِّين في العالمِ، والمُنظَّماتِ الإقليميَّةِ والدَّوليَّةِ المَعنيَّةِ، ومُنظَّماتِ المُجتَمَعِ المدنيِّ، والمؤسساتِ الدِّينيَّةِ وقادَةِ الفِكرِ والرَّأيِ، وأن نَسْعَى لنشرِ ما جَاءَ بها من مَبادِئَ على كافَّةِ المُستوياتِ الإقليميَّةِ والدّوليَّةِ، وأن نَدعُوَ إلى ترجمتِها إلى سِياساتٍ وقراراتٍ ونُصوصٍ تشريعيَّةٍ، ومناهجَ تعليميَّةٍ ومَوادَّ إعلاميَّةٍ.

كما نُطالِبُ بأن تُصبِحَ هذه الوثيقةُ موضِعَ بحثٍ وتأمُّلٍ في جميعِ المَدارِسِ والجامعاتِ والمَعاهدِ التعليميَّةِ والتربويَّةِ؛ لتُساعِدَ على خَلْقِ أجيالٍ جديدةٍ تحملُ الخيرَ والسَّلامَ، وتُدافِعُ عن حقِّ المقهورينَ والمظلومينَ والبُؤساءِ في كُلِّ مكانٍ.

ختاماً:

لتكن هذه الوثيقةُ دعوةً للمُصالحة والتآخي بينَ جميعِ المُؤمنينَ بالأديانِ، بل بين المُؤمنينَ وغيرِ المُؤمنينَ وكلِّ الأشخاصِ ذوي الإرادةِ الصَّالحةِ؛

لتكُنْ وثيقتُنا نِداءً لكُلِّ ضميرٍ حيٍّ ينبذُ العُنفَ البغيضَ والتَّطرُّفَ الأعمى، ولكُلِّ مُحِبٍّ لمبادئِ التسامُحِ والإخاءِ التي تدعوها الأديانُ وتُشجِّعُ عليها؛

لتكُنْ وثيقتُنا شهادةً لعظَمةِ الإيمانِ بالله الذي يُوحِّدُ القُلوبَ المُتفرِّقةَ ويسمو بالإنسانِ؛

لتكُنْ رمزًا للعِناقِ بين الشَّرْقِ والغَرْبِ، والشمالِ والجنوبِ، وبين كُلِّ مَن يُؤمِنُ بأنَّ الله خَلَقَنا لنَتعارَفَ ونَتعاوَنَ ونَتَعايَشَ كإخوةٍ مُتَحابِّين .

هذا ما نَأمُلُه ونسعى إلى تحقيقِهِ؛ بُغيةَ الوُصولِ إلى سلامٍ عالميٍّ يَنعمُ به الجميعُ في هذه الحياةِ.

أحمد الطيب

شَيْخُ الأزهَرِ الشَّريف

أحمدُ الطَّيِّبُ

قَداسَةُ البابا

فرنسِيسْ

أبوظبي ٤ فبراير ٢٠١٩